# با ئاوڕێك بۆ دواوه , تەكانێك بێت بۆ پێشەوه

(( له پەراوێزى دامەزراندنى كۆميتەى قوتابيان و لاوانى ئازاد)

**بەشدار على**
Bashdar_net@yahoo.com

رژێمه فاشيەكەى صدام بۆ ئەنجامدانى سەرجەم كاره دڕندەو سەركوتكەرەكانى خۆى, لاوانى كردبووه ماشەى دەستى و سوپاكانيشى هەر له لاوان پێكهاتبوو ئەمه له لايەك, له لايەكى تر لاوان له هەموو توێژەكانى ترى كۆمەڵگا زۆرترين حەسرەت و دەردو مەينەتيان چەشتووه چونكه حەزو خۆزگەو ئاوات و ئارەزووەكانى لاوان به هەژمار نايەت و هيچ پێوەرێكيش نيه بۆ پێوانه كردنى خەون و خولياو ئاواتەكانى لاوان, بەلاّم لاوانى ژێر دەسەلاّتى بەعس به هيچ شێوەيەك نەيانتوانى تەنانەت سادەترين هيواو ئاواتەكانى خۆيان پراكتيزه بكەن لەگەڵ ئەوەشدا نەيانتوانى تەنانەت به قسه كردنيش دەرببڕن بۆيه هەر له ناخى خۆياندا گنگليندەدا و بێگومان پەروەردەيەكى ئاوا كائينێكى نا تەندروست و ئيفليج بەرهەم دەهێنىٚ كەبه خۆىو ژيان و دەوروبەرى نامۆ دەبێت . سەرەڕاى ئەمه بەبىٚ ئەوەى خۆيان مەبەستيان بێت كورەى شەڕەكانيان يەك له دواى يەك بۆ گەرم دەكردن و دەيانخستنه بەرەكانى شەڕو دەيانكردن به سوتەمەنى و خۆڵەمێشى ئاگرەكانيان, ئامارەكان نيشانيدەدەن به هەزاران لاو بوونه قوربانى بەرژەوەنديه گلاوەكانى ئەم رژێمه .

دارزيوترين ياساو دەستورى پياوسالارانەو ناموسپەرستانەيان فەرز كردبوو,پەروەردەو فێركردن خالّى بوو له زانست و مەعريفه,تەژى بوو له ترس و خورافه . له ناوەندەكانى خوێندن و زانكۆكاندا ئەم ناوەنده هەستيارانەيان نقوم كربوو له تاريكىو له هەر شوێنێك تروسكايەكى روناكى دەركەوتايه هەرزوو پەلاماريان دەداو بۆ رۆژى دواتر تەرمەكانيان دەدايەوه كەس و كاريان .بەكورتى گرتن و كوشتن و بىٚ سەرو شوێن كردن و ئيفليج كردن و بەرهەم هێنانى كائينێكى گومڕا و وون و گوێرايەڵ و بىٚدەنگ كردن سەرەكيترين كارەكانى رژێمى فاشى بەعس بوو بەردەوام كاريشى له سەر دەكرد.

تا ئەو شوێنەى كه كوردستان دەگرێتەوه, زۆربەى لاوانى ئەمرۆى كوردستان ئەم دەسەلاّتەيان نه بينيوه, كاتێك سالّى 1991 رژێمى بەعسى له كوردستان گۆڕى گوم كرد, ئەو كاته زۆربەى لاوان منداڵ بوون ,بەلاّم له ئەنجامى دەسەلاّتى ئەحزابى ناسيۆناليستى كوردى له كوردستان بەهۆى رووداوەكان, هەڵوێستەكان,ياساو دەستوورەكان و دەزگاكانى ئەمن و ئيستخبارات و كەسەكانى نێو دەسەلاّتەكانيان به سيستمێكى هاوشێوەى بەعس ئاشنابوون.هەمان دەسەلاّتى ميليشياى بەسەر سەرى لاوان و قوتابيان دا بوو به مۆتەكەو حيزبى بوون كرا بەمەرجى هەناسه هەڵمژين به ماناى ووشه , ئەگەر پارتى يان يەكێتى نەبوويتايه تەنانەت مافى خوێندن و دامەزراندن و نيشتەجىٚبوون و

کارکردن و ...تد نەبوو,ناوەندەکانی خوێندن بوونە شوێنی تەراتێنی حیزبەکان و ئەو سیسەتەی لە زانکۆکاندا دەیانکرد هەرگیز لە مەڵبەند و لقەکانی حیزب نەدەکرا .

هەر دەنگێکی ناڕازیش ,کە لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی گەندەڵی ئابووری و ئیداریو هەروەها خراپی بارودۆخی خوێندن و بەشە ناوخۆییەکان و نەبوونی دەرماڵەو دواکەوتوویی ودارزیوی سیستەمی خوێندن و فرۆشتنی شەهادە بە پارەو...تد شاهیدی چەندین خۆپیشاندانین,بە هەمان میکانیزمی بەعس وەڵامیان وەرگرتەوە, ئەنجامدەرانیان سەرکوت کران و خرانە زیندانەوە و دواتر بە ئاژاوە گێڕو ئانارشیزم ناوبران و سەرزەنشتی کەسایەتیو کەرامەتیان کرا .

هەموو ئەو کارانەشیان دەکرد پاساویان ئەوەبوو گوایە بارودۆخەکە ناسکەو ئەزموونەکە دەکەوێتە مەترسیەوە, بەڵام هەموو خەڵکی کوردستان و دونیا شاهیدی ئەوەن ,ئەوانەی لە چەندین ساڵی رابردوو((ئەزموونەکەیان)) خستۆتە مەترسیەوە ئەوە ئەحزابی ناسیۆنالیستی دەسەڵاتدار بووینە لە کوردستان . کە هەر قۆناغێك لەگەڵ دەوڵەتێك سات و سەودایان بووەو تورکیاو ئێران و ئەمەریکا و رژێمی بەعسیان پەلکێش کردوە بۆ نێو قوڵایی خاکی کوردستاندا.

هەمان یاساو دەستوور کاری پێکراو بە هەزارەها ژن کوژران و یاخود ناچار بە خۆ کوژی کران ,تێزاب کرا بە ئافرەتانی مەدەنی پۆش و بە بڕیار جلی لاوان و قوتابیان لە زانکۆکان قەدەغە کرا, ئازادیو ئازادیخوازیو یەکسانیخوازی قەدەغەکراو ریش و عەمامەش ستایش کرا,خورافیاتی ئایینیو مەزهەبیو نەتەوەیش کە سەرچاوەی سەرەکیتەفرەقەو ململانێو دووبەرەکیە لە میتۆدەکانی خوێندن هەنگاوێکی تر چووە پێشەوە.

لەیەك قسەدا,رژێمی بەعس و ئەحزابیناسیۆنالیستی کوردی قوتابیان و لاوانیان تا ئاستی زەبونی کەمەرشکێن کرد.

قوتابیانی نارازی,لاوانی شۆرشگێڕ,ئازادیخوازانی بەدیهێنەری دونیایەکی باشتر لە رووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بە خێراییەکی یەکجار زۆردا گوزەر دەکات, ئەمەریکا لە ماوەی تەنها مانگیکدا سەرجەم دام و دەزگا خزمەتگوزاریو پەروەردەییو فێرکاریو تەندروستیو خۆشگوزەرانی لە عیراقدا کاول و وێران کرد ,دەستی نەپاراستووە لە کوشتنی منداڵ و پیرو پەککەوتەو گەنج و لاوانی ئەم وڵاتە ,لە ئەنجامی داگیر کردنی و دەست بەسەراگرتنی دەرفەتی بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی ئاوەڵا کردووە بۆ سەر گیان وماڵی خەڵك ,هەر رۆژە و لە سوچێك فتوای کوشتنی کەسانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز دەردەکەن, قەدەغە کردنی جل و بەرگی دڵخوازی لاوان لە زانکۆکان و سەیرانگاکان و شوێنە گشتیەکان بۆتە کارێکی هەمە رۆژەیان ,بە چەندین شێوازی تر لە هەوڵی بە ئیسلامی کردنی کۆمەڵگای عیراقن .

دەیانەوێت ئیتر بەهایەك بۆ مرۆڤایەتی ,گەروویەك بۆ دادپەروەری ,سیمایەك بۆ جوانی ,دەنگێك بۆ ئازادی نەمێنێتەوە, بۆیە لە نێو ئەم تراژیدیایەی بەسەر لاوان و قوتابیان و سەرجەم خەڵکی عیراق دا هاتووە ,رێکخراو بوونی لاوان و یەکگرتووبوونیان لە رۆڵی ((کۆنگرەی قوتابیان و لاوانی ئازاد))کردۆتە پێداویستیەکی هەرە گرنگی ئەمرۆمان .ئەم رێکخراوەی کە هەڵقولاّوی ئیش و مەینەتیەکانی ناخی قوتابیان و لاوانە ,بۆ هەرچی باشتر کردنی ژیانیان و پراکتیزە کردنی سەرجەم حەزو خولیاو خۆزگەو ئاواتە بیّ کۆتاکانیان .لە یەك رستەدا هە موو ئەو کەسانەی دەیانەویت ئازادی و خۆشبەختی بە چاوی خۆیان بە بینن و مێژوویەکی شەرافەتمەندانە لە ژیانیاندا تۆمار بکەن دەتوانن (کۆمیتەی قوتابیان و لاوانی ئازاد) وەمو موڵکی خۆیان سەیر بکەن.